
# سص شةهيدي بةرط سثي لة أؤذاني ئةنفالدا ... خالَة حةمة



باخێكی بچكۆلەی لە بەردەم ژوورەكەیدا دروستكردبوو كە چەند بڕەتەماتەیەكی تیا ناشتبوو، بە چیلكە پەرژینێكی بۆ دروست كردبوو كە باخەكەی لە هیچ شتێك نەئەپاراست!! زۆر دڵی پێی خۆش بوو، خزمەتێكی زۆری ئەكرد.. ئەولەپێشمەرگە ئازاو ناودارەكانی سەرەتایی شۆڕشی ئەیلول بوو چەندان جار بە فیشەكی دوژمن لەشەردا بە توندی بریندار بوبوو لە تەوقی سەریەوە تابەری پێی ئەینالاند،بەڵام نەئازار، نەدوژمن، نەنیشتمانفرۆشانی كورد نەیاندەتوانی هێندەی

تاڵەموویەك لە كوردایەتی و كوردستان دووری بخەنەوە كە بیرو برواو ئایینی بوو، تا ئەو رۆژەی ژنێكی ڕووهەڵماڵراوی سۆزانی بەفەرمانی بەناو (ئاسایشی ئەوسای سلێمانی) زەهری بۆ كۆمەڵێ پێشمەرگە كردە ناو ماستاوەوەو لەگەڵ دایكێكی ماندوونەناس و كچێكی دڵسۆز بە نیشتمان و نەتەوە، گیانیان بەخشی و بەشوێن كاروانی نەمری و شەهیداندا نیشتمان و ئێمەیان بەجێهێشت. ئەم پێشمەرگە كوردپەروەرە دوژمنان نەیانتوانی بە فیشەكە ڕووزەردەكانیان بیكوژن چونكە ڕوبارێ خوێن لەلەشیا بوو، كێوێك لەوورە لەگیانیدابوو هەر بۆیە پەنایان بردەبەر سۆزانییەكی كورد ئەوكارەبكات.. ئەو دایكەش كە لەتەكیا شەهید بوو شارەوشارو دێهاتەودێهات و كۆڵانە وكۆڵان وماڵەوماڵ نەما خۆی تیانەشارێتەوەو چەك بۆكورەپێشمەرگەكەی لەسەر كەمەری خۆی نەبەستێت، ئەوكچەش لەبنە ماڵەی ئەو دۆستانەی شۆڕش بوو كەبەهەزاران نهێنی شۆڕشیان ئەپاراست و ئەگواستەوە.... بەڵێ دوا كات كوردستان ئەنفالكراو بەكیمیایی لەهەڵەبجەو (دۆڵی جافەتی و مەرگەو خۆشناوەتی و قەرەداخ و بادینان) درا پێشمەرگەو خەڵكی بێ چەك و سڤیل وەك گەڵای دار لەم نەتەوەستەمدیدەیە بوونە قوربانی، زیاتر لە 4700 دێی گەورەو بچووك سوتێنرا خۆفرۆشانیش دەستیان لە ڕەش و سپی نەئەپاراست و بۆڕازیكردنی ئاغاكانیان ئاژەڵ و پەلەوەریشیان ئەكوشت.. هێندەش سووك و ڕیسوابوون بەبەرچاویانەوە ژنان، پیاوان، كچان، كوڕان، منالانی كوردیان بەرەوناديارو مەرگ ئەبرد نەیان دەتوانی تەنها منالێك لەمەرگ و سووكایەتی ڕزگاربكەن. ئەوەی سەیرەو جێگەی پرسیارە هەرئەو ژنە و چەندكەسێك بەر دادگایی گەل كەوتن و پەلپەلیان كردن ئەی ئەوانەی كاتی خۆی دەستیان هەبوو لەو كارەساتەداو جەللادەكەیان بەرێزەوە ناردەوە بۆ لای ڕژێم!!.. ئەی ئەو نیشتمان فرۆشانەی كوردستانیان لە خوێن وەرداو پێش سەربازە شۆڤێنیەكانی عەرەب دێهاتەكانیان تالان ئەكردو ئەسوتان.. هەزاران چەپكە گوڵ لەسەر گۆڕی شەهیدان بێت من پەیمانیان ئەدەمێ كەڕۆژێك دێت نەوەكانی كورد لەمەرگی ناوادەیان ئەپرسنەوەو تاوانباران سزا ئەدرێن. مەرگ بۆ هەموو داموودەزگایەكی داپڵۆسێنەری داگیركەران لەڕابوردوو داهاتوشدا.. مەرگ بۆ هەموو دوژمنانی كورد كەساڵەهای ساڵە بەپیلان و نەخشەی ئەوان جینۆسایدو ئەنفال دەكرێین.. دواجاریش وەك ئەو شەهیدە ئەیفەرموو تاسەركردەكانمان بەرگی خۆ بەزل زانین فڕێ نەدەن و كوردستانچیەتی نەبێتە پەیڕەوو پڕۆگرام ئێمەش هەرئەبێ لەبازنەیەكی داخراودابین و دنیای دەرەوەش زیاترلێماندوور بكەوێتەوە، سەرو سەروەری و كوردستانیش ئەدۆڕێنین، نەوەكانیشمان بەنەفرەتەوە ناومان ئەهێنن و زبڵدانی مێژووش پڕ ئەكەن لەو ناوانەی كە كوردستان ئەبەخشن بە داگیركەران و خۆیان بەكەم و كەمتر ئەزانن لە ڕوویاندا !!!!!... .

خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی 2005/5/17